# له یادی شەهید ئارامی سەرکردە دا. . !!

سەفین عومەر

شەهید ئارام واتە هەست کردن بە ئێش و ئازاری داسەپێنراو بەسەر چەوساوەکان، واتە هەست کردن بە فشار و گوشاری داگیر کەرانی کوردستان و داگیرکەرانی کەرامەت و ئازادی مرۆڤەکان، واتە هەست کردن بە پێداویستی چارەسەری ئەم کێشە و سەدان کێشەی تری کۆمەلایەتی و چینایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و یاسایی و مافی ژنان و منالان و گشت چین و توێژە چەوساوەکانی نێو کۆمەلگای کوردستان.

مەبەستم بوو کە بابەتێکی جیاواز لە سەر ۲۵ هەمین سالیادی شەهید ئارامدا بنوسم، بەلام دوای خوێندنەوەی بۆچوونەکانی مەلا بەختیار لە سەر هەمان سایتدا واتە کوردستان نێت، ناچار بووم کەمێك گۆرانکاری بەسەر نووسینەکەمدا بکەم.

شەهیدی سەرکردە شاسوار جەلال "ئارامی دلان" کە ئەگەر بە ڕێکەوتیش بێ لەم قۆناخەدا واتە لە نێوەڕاستی حەفتاکاندا لە یەك بەرەدا لە گەلّ چەند کەسایەتیی (ی ن ك) دا خەبات و تێکۆشانیشی کردبێ، بەلام ئەمە هەرگیزا و هەرگیز بەم واتایە نایە کە ڕابەری تێکۆشەر "شەهید ئارام" جەلال تالەبانی وەك ئەندازیاری شۆڕش سەیر کردبێ و لە هەمان کاتیشدا گوتبێتی کە مام جەلال تاکە مرۆڤێکە بتوانین ئایندەی گەلی کوردی تەسلیم بکەین.

سەرەتا پێویستە ئەوەبلێین کە شەهیدی تێکۆشەر "ئارامی نەمر" لەکاتی پێشەنگایەتی کردنی کۆمەلە دا هەم لەواری فیکری و ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی و، هەم لە واری پراکتیکی خۆی سەرپەرشتی کارەکانی کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستانی دەکرد و، گشت هەولّ و کۆششێکیشی تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە بوو کە لەنێو خوودی ئەم خەباتە پراکتیکەدا بتوانێ کادیری ئازادی کۆمەلە دروست بکا، بە مەرجێك کە بەگوێرەی بەرنامە و بیرۆکەی ڕێکخستنی کۆمەلەی شەهید کراودا کەسایەتیەکانیان بونیاد بنرێ، چونکە شەهید دەی زانی کە کۆمەلە بە خەبات و تێکۆشانی ئازادی خۆی دەتوانێ کادیری خاوەن کەسایەتی خۆی درووست بکا و، ئەم هێز و توانا و ئیرادە پۆلایینە پێویستەش مەگەر لەنێو ژیانی پڕ لەتێکۆشان و خەبات و دەردەسەری جۆراوجۆردا مەیسەر بێ. نەك وەك مەلا باسی دەکا کە سەرەتا شەهیدی نەمر خۆی دەروێشی مامە بێ و پاشان گشت کۆمەلە و کادیر و دەوروبەرانیشیی بە هۆی ئەوەوە ببن بە دەروێشی مامە، بەلکو بە پێچەوانەوە شەهید تاڕادەیەکیش هەستی بەم مەترسیە دەکرد و، جێی داخە کە ئەم ڕووناکیە هەر لەم ڕێگەیەشەوە کووژایەوە.

ئەفسوس کە مەلا بەختیاری قارەمانی ڕۆژانی تەنگانەی مامە، بۆ بەرز ڕاگرتنی پرستیژ و کەسایەتی مامە خەریکە کار و کەسایەتی "ئارامی دلانیش" دەخاتە بەر باس و لێکۆلینەوە و، بازرگانی بەم ئەستێرە گەشەی مێژووی خەباتمان دەکا. بەر لەهەرشتێك پێویستە گشت لایەنە چەپ و ڕاستەکانی ئەمڕۆ و ڕابردووی باشوور و پارچەکانی تری ولات دان بەم ڕاستیە بنێن کە، کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیا و وەك ڕێکخستن و کادیر و پێشەنگەکانی لەسەر بنەمایەکی زانستی و، بۆ وەلام دانەوەی پێداویستیە هەمەلایەنەکانی قۆناخ و، چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلی کوردی چەوساوەمان بە تایبەت لەم بەشەی کوردستان، بەو پەڕی قولبوونەوە و شۆڕبوونەوە لەسەر بەگەڕ خستنی ئەم ماتۆڕەی ڕێکخستنی کەوتنە نێو بەدواداچوون و تێفکرین و خوێندنەوە. کەچی مەلا خەریکە سەرەتا شەهیدی سەرکردە و پاشان گشت کادیرەکانی "کۆمەلەی شەهید کراو" دەکا بە شاگردی مامە و هەڤارەت بە مێژوو و هەتا بە خوودی خۆیشی دەکا، چونکە مەلا لە هەمان کاتدا دەلێ کە ئەگەر شەهیدی سەرکردە بمابوایە مەگەر ئەوا هەر هەمان شەهید ئارام دەبوو و، دەبووە ڕێگر لەبەردەم زۆر لاوازی و کەماسی ئەوان، لە قۆناخی ئەمڕۆ. کەچی نالێ مامەی پێشەنگی ئەوەلّ وئاخیری ئەو بۆچی کۆسپ ناخاتە بەردەم ئەم کێشانە و، بۆچی بە پێچەوانەوە بۆتە هۆی درووست بوونی کێشە هەرە بچوك و تاوەکو هەرە مەزنەکانی ئەمرۆی گۆڕەپانی خەباتی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا.

مەلا لە بەشی چوارەمی نوسینەکەیدا واتە بەشی چونە نێو ڕیزی شۆڕشی "شەهید ئارام"دا وەك بیرەوەری دەلێ (شاسوار سواری گوێدرێژەکە دەبێ، بە چاویلکەکەیەوە قاچی بەولاو بەولای گوێدرێژەکەدا شۆڕدەبێ، دەلێ کاك ئازاد توخوا لە"دز و قازی ناچم") . باشتر وایە کە مەلا ئەم جۆر بیرەوەریانە لەسەر مامە و دەورووبەری ئێستای مامە دووبارە بکاتەوە و هەر بۆ ئەوان گونجاون و لەگەلّ گەپ و گالتە و ئەسپری ئەواندا یەك دەگرنەوە، نەك لەسەر شەهیدێك و شەهیدێکی وەك ئارامی سەرکردەی فکری و ڕێکخستنی و ئایدۆلۆژی گەلەکەمان.

مەلا لە شوێنێکی تردا کە بەسەر کەسایەتی شەهید دا هەلدەدا و دەلێ (کەم جار لە مێژوودا، لە دوای گەورەترین هەرەس و شکست و کارەسات، سەرکردایەتی کەم ئەزمون و بێ دەرامەت و بێ چەك و تفاق، بە خۆشاردنەوە و پشتبەخۆبەستن و ئازایەتی، وەك شەهید ئارام توانیبێتی پرۆژەی بەرپاکردنی شۆڕش، بەپێی ئەو نەخشەیەی ڕابەری شۆڕشەکە "مام جەلال. . . ") بەلێ مەلا وەك بلێی وەستایانە و



www.kurdistannet.org

بەحوكمی ئەوەی خۆی شاهێدێكی زیندوی خەباتی شەهید ئارام بێ هەوڵی چەواشەكردنی ڕاستیەكان دەدا و ڕۆڵ و كاریگەری كۆمەڵە وەك بەچكە حیزبەكانی ئەمڕۆی ژێر دەسەڵاتی (ی ن ك) دەخاتە پەراوێز و دەیانكاتە پاشكۆی مامە. پێویستە بە هیچ جۆرێك ئەم تاوانەمان پێ دانەقورتێنن و ڕۆڵ و گرنگی پێشەنگایەتی كردنی كۆمەڵەمان بۆ نەخەنە خزمەت زلتركردنی قەبارەی مامە.

مەلا لە شوێنێكی ترا دەڵێ كە شەهید ئارام لە ڕێكەوتی مانگی ٧ ی ١٩٧٧ لە گوندی گوربازو خاوێ، ڕای سپاردم بە نوێنەری كۆمەڵە، بچمە پێشوازی مام جەلال بۆ هەكاری، بە پەروشێكەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی مام جەلالی دەكرد، زۆریشیی لا مەبەست بوو من لە ئان و كاتی خۆیدا بگەمە شوێنی پێشوازی) .

بۆ مەلا و بۆهەر كوردێكی خاوەن ویژدان بەرامبەر بە مێژوو و، بزاڤی ئازادی خوازی گەل و نەتەوەكەمان زۆر گرنگە كە ڕاستیینەی ڕێكخستنی كاكە ئارامی خۆشەویست وەك خۆی تێبگەین، چونكە پڕن لە پەند و ئەزمون و، ئەم یەكەی سەرەوەشی، دیارە وەك پرەنسیپێكی دیموكراسیانە سەیری هەر كەس و لایەنێكی تری كردووە و، لە هەمان كاتدا شەهید وەك ڕێی ڕاستی خەباتی لە گەڵ هەر بزاڤێكی تر و خاوەن بیرێكی جیاوازی تری خزمەت كردنی ئازادی خوازی كورد بە بەرپرسیاریەوە تەعامول و هەڵسوكەوتی دەكرد و بە ئارمانجی ڕەسمیەتی نێوان دوو ڕێكخستنیش كە نوێنەری خۆی بۆ پێشوازی ناردووە، نەك وەك ئەوەی مەلای سیاسەتچی باسی لێوە دەكات و دەی شێوێنێ و، لێرەشدا مامە دەكات بە هەرشتێك و، ڕۆڵی شەهیدیش بە هۆی پابەند بوون بە تەقالیدی كۆمەڵایەتی كۆن و خەمخۆری مامە بێت و بەس.

پێم وایە چەندی باس بكرێ و بنوسرێ لە سەر خەبات و تێكۆشانی گەلەكەمان بەتایبەت لەم بەشەی وڵات، كە بەشێكی زۆری لە كەسایەتی شەهید ئارامی نەمردا قەتیس بووە، هێشتا كەمە و تا گەیشن بە ڕزگاری یەكجارەكی گەلی كوردمان لە ژێر سەرجەم كاریگەیە كۆنەپەرست و دەرەبەگایەتی و میلی گەرایی سەرەتاییەكانەوە، تادەگاتە داگیركەرەكان، ئەوا یاد كردنەوەی ڕاست و درووست تەنها و تەنها درێژە پێدانی خەبات و تێكۆشانە لە سەر بنەمای فكر و ئایدیۆلۆژیای شەهید و بۆ هەمان ئارمانج كە شاسواری لە پێناودا شەهید كرا. .

## تێبینی كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣